

# کۆلکە زێڕینە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**پەروین مەحمود**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری**

**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

زنجیرەی کتێب: ٢٨

ناوی کتێب: کۆلکە زێڕینە

وەرگێڕانی: پەروین مەحمود

دەرهێنانی هونەری: ئاسۆ خالید

وێنەکان: حەمە هاشم

پێداچونەوەو پیتچنین: گلێنە خلقی

هەڵەچن: سیڤان تەها

سەرپەرشتیاری چاپ: عەبدولقادر عەلی مەردان

ژمارەی سپاردن: (١٤٠)

چاپ: یەکەم ٢٠٠٧ - هەولێر-

چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخی: (٥٠٠) دینارە

**زنجیرە کتێبی منداڵان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە:**

www.geocities.com/kitebi_mindalan



لەڕۆژێکی لێزمە باراندا، ورچەکە بڕیاری دا کەوا لەماڵەوە بمێنێتەوەو کوپەڵە هەنگوینەکانی بژمێرێ. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: دەزانم کەوا دوێنێ سێ کوپەڵە هەنگوینم هەبوو، جا ئێستا دەبێ سێ کوپەڵە هەنگوینەکەم مابێ، دەرگای تاخچەکەی کردەوەو بەدەنگێکی



ئاشکرا بەهێواشی ژماردی؛ ئەوە یەک، ئەوە دوو، دیسان دووبارەی کردەوە ((دوو)) ئەی کوا سێ، چی لێهات، پێ دەچێ سێیەمم لێ ون بوبێ، ئای خوایە دەبێ لەکوێ بێ؟

لەو ساتەدا کەنغەرە بچووکەکە هاتە ژوورەوەو گوتی: وەرە ئەم کۆلکە زێڕینە ببینە، ورچەکە کوپە هەنگوینەکانی لەبیرکردو رایکردە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانی سەیری کۆلکە زێڕینەکە بکەن، کوندە پەپوو مام پڵینگ سەریان هەڵبری و سەیری کۆلکە زێڕینەیان دەکرد، کوندە پەپوو گوتی: ئاخۆ هیچ جارێک من باسی ئەوەم بۆ





کردوون کەوا مامم شتێکی سەبارەت بەکۆلکە زێڕینە گوتووە؟

ئەو هەردەم دەیگوت کە لەکۆتاییەکانی هەر کۆلکە زێڕینەیەک کووپەلێک زێڕ هەیە، کەنغەرە بچوکەکە گوتی زێڕ چییە؟

کوندە پەپوو وەڵامی دایەوەو گوتی: زێڕ شتێکی بەنرخە، هەموو کەسێک حەز دەکات کەمێکی لێی هەبێ.

هەر وەک هەنگوینە زەرد باوێکی درەوشاوەیە. ورچەکە گوتی: جا کەواتە هەر لەهەنگوین دەچێ، کوندە پەپوو بێزار بوو گوتی: نەخێر بەهیچ شێوەیەک لەو ناچێ؛ کوندە پەپوو زانی کەوا مێشکی ورچ بچووکەو پێویستی بەشی کردنەوەی زیاتر هەیە بۆ تێگەیشتنی لەهەندێ شت، داوای لێبووردنی لەورچەکە کردو گوتی: بامن بۆت باس بکەم، زێر کانزایەکی بەنرخە، زۆریش بەنرخەو دەتوانیت بازرگانی پێبکەیت، ورچەکە ئەمجارەشیان بەدڵنیاییەوە گوتی: کەواتە هەر وەک هەنگوین وایە.





کونده پەپوو هەوڵیدا کە لەگەڵی بەئارام بێ گوتی "منیش حەزدەکەم" ئینجا ورچۆڵەو مام پڵنگ و کەنغەرە بچوکەکەو کوندە پەپوو دەستیان کرد بەگەڕان لەو کووپەڵە زێڕەی کەوا باوەڕوایە لە کۆتایی کۆڵکە زێڕینەکەدا هەبێ لەوکاتەی کە هاوڕێکانی بەدەم گەڕانەوە خەریک بوون بەناو دارستانەکەدا بەوهیوایەی کەوا کۆلکە

زێڕینەکە مابێ بەرازێکی بچکۆلەیان بینی. ورچەکە سڵاوی لێکردو گوتی" ئێمە بەدوای کوپەڵە زێڕ دەگەڕێن"

کەنغەرە بچوکەکە گوتی "زێڕ دەدرەوشێتەوەو لەهەنگوین بەنرخترە"

بێچووە بەرازەکە گوتی "کەواتە ئێوە نیازتان نیە بەشی بکەین، ورچەکە گوتی (قسەی بێ سوود!) کوندە پەپوو گوتی هەرچەندە ئێمە زۆر بین، کوپەڵە زێڕەکە ئەوەندە گەورەیە کەوا بەشی هەموومان دەکات"

لەوکاتەی کە هاوڕێکان بەدوای یەکدا ڕایان دەکرد بێچووە بەرازەکە لە ورچی پرسی "تۆ دەزانی کۆتایی کۆلکە زێڕینەکە لەکوێیە؟"

ورچەکە وەڵامی دایەوەو گوتی "نەخێر، من بەدوای تۆدا ڕام دەکرد بێچوە بەرازەکە گوتی "بەڵام من بەدوای کەنغەرەکە ڕام دەکرد" کەنغەرەکەش ئاماژەی بە پڵنگەکە دا کەوا بەدوای ئەودا ڕادەکات.





"ئا ئەوەتا لەسەر ئەو بەرزاييەيە" كوندە پەپووەكە هاواری كردو گوتی "پێ دەچێ كۆلكە زێڕينەكە لەنزيک پردەكە كۆتايی هاتبێ"

لەناكاو بێچووە بەرازەكە شتێكی درەوشاوەی بينی لەژێر دارێكدا٠ بێچوە بەرازەكە گوتی "زێڕەكەم دۆزييەوە" هاوڕێكانی لەدەوری بێچووە بەرازەكەدا كۆبونەوەو سەيرييان كرد كوندە پەپوو گوتی" هاوڕێی خۆشەويست دەترسم ئەوە كووپەڵە زێڕەكە نەبێت، تەنها ئەمە بەردە!"

ورچەكە نەيويست كە بێچوە بەرازەكە بەسەر خۆيدا بشكێتەوە

بەنەرمییەوە گوتی "بەڵام بەردێکی زۆر جوانە دەتوانی بۆخۆتی هەڵبگری" بێچووە بەرازەکە سوپاسی کردو و بەردەکەی لە ژێر تیشکی ڕۆژدا دەدرەوشایەوە، ئای چەند جوانە، بۆخۆم لە گیرفانی کراسەکەم هەڵیدەگرم" ئینجا دەستیان کردەوە بە گەڕان، پاش چەند ساتێک پڵنگەکە هەستی کرد کەوا شتێک لەژێر پێیدا قرچەی لێوەهات و شکا٠ وابزانم پێم لە شتێک نا، هەموو سەیری سەر زەوییەکەیان کرد٠

"ئەی هاوار ! "بێچوە بەرازەکە گوتی" پێت نایە سەر هێلکەی باڵندە سنگ سوورەکان٠





بەڵام ورچەکە بەدڵخۆشیەوە گوتی "بەڵێ وایە، بەڵام هێلکەکە هیچی تیادانییە؛ وەرن سەیر کەن، ئەمانە هەمووی توێکلی هێلکەن، لەوانەیە بێچوەکان باڵیان گرتبێ و لەگەڵ دایکیان فریبن.

پلینگەکە گوتی سەیر کەن هێلکەی چەند شینو جوانن، تەنانەت خاڵ خاڵن و هەر دەڵێی یەکێک بەجوانی وێنەی کێشاون و نەخشاندویانی، ورچەکە گوتی هەموویان زۆر جوانن، ئەی وانییە؟!

پڵینگەکە گوتی منیش بۆ خۆم دەیانبەمەوە بۆ ماڵەوە، ئەو ڕەنگە شینە وام لێ دەکات کەوا هەست بە خۆشیی و هەڵبەزین بکەم، بەڵام لەولایەشەوە کەنغەرە بچوکەکە زیاتر بەهێلانەکەوە دڵخۆش بوو گوتی: دەتوانم بۆ خۆمی بەرمەوە ؟

کوندە پەپوو گوتی باشە، دەتوانی بۆخۆتی ببەیتەوە، لەبەر ئەوەی من پێم وایە چۆلەکەکان هێلانەکەیان جێ هێشتووە.

هەر بەم شێوەیە، هاوڕێکان هەر یەکەو شتە دۆزراوەکانیان هەڵگرت و کەوتنەوە ڕێ، هەر کە گەیشتنە نزیک پردەکە، کەنغەرە بچوکەکە سەری هەڵبڕی و گوتی: ئۆی! کۆلکە زێڕینەکە خەریکە نامێنێت، کوندە پەپوو گوتی: با زووکەین هاوڕێییان، با بڵاو ببینەوە، بگەڕێین بەدوای کوپەڵە زێڕەکە، با کات بەفیڕۆ نەدەین، ئەمەی گوت و فڕی بەسەر پردەکە بۆ گەڕان بەدوای زێڕەکە، هەریەکە لە پڵینگ و کەنغەرە بچوکەکەو بێچوە بەرازەکە شتەکانی دەستیان داناو لەدەم ڕووبارەکە دابەزین ورچەکە چوە ناوەراستی پردەکەو سەیری ئاوەکەی خوارەوەی کرد، هەر بۆ ئەوەی کەدڵنیا بێت کەوا کوپەڵە زێڕەکە نەکەوتبێتە ناو ڕووبارەکەوە، پاش چەند ساتێک ورچەکە هاواری کردو بەکەنغەرەکەی گوت، هیچ شتێکت لێ دیار نییە لەخوارەوەی پردەکە؟

کەنغەرەکە گوتی، ئەوە کوپەڵەیەکە٠ کوندە پەپوو زوو بەزوو هەڵفرییە سەری و ورچەکەش خۆی بۆ خوارەوەی پردەکە خزاند، کاتێ ورچەکە گەڕایەوە هاوڕێکانی سەیریان کرد هەموو





دڵساردبوون پاشان تەماشای کووپەکەی کرد، بینی کەوا کووپە زێڕ نییە بەڵکو کوپە هەنگوینە، بە دڵ خۆشییەوە دەنگی هەڵبڕی وتی ئەمە سێیەمینە، سێیەمین؟ هەموو بەسەرسوڕمانەوە لەپێش خۆیانەوە پرسییان، ورچەکە بەردەوام بوو گوتی بەڵێ ئەمە کوپە نادیارەکەمە، ئەمڕۆ بەیانی کوپەکانم دەژمارد، سەیرم کرد تەنها دوو کوپەم مابووە ئەمەش سێیەمینیانە.

کوندە پەپوو بەتوڕییەوە گوتی: ئەی باشە ئەمە چی دەکات لێرە؟

ورچەکە گوتی: دوێنێ لێرەم بەجێ هێشتبوو، لەوانەیە لەوکاتەی کە شتومەکی سەیرانەکەم هەڵدەگرتەوە لەبیرم کردبێ.

بێچوە بەرازەکە گوتی، دەزانم کەوا کوپەڵە زێڕەکەمان نەدۆزییەوە، بەڵام شتی زۆر بەنرخمان دۆزییەوە، هەروەک ئەم بەردە دەرەوشاوەیە، پڵینگەکەش گوتی: هەروەها تۆێکڵە هێلکەی شین و بریقەدار.

کەنغەرەکەش گوتی هەروەها هێلانەیەکی زۆر جوانیش، ورچەکە گوتی: هەروەها کووپە هەنگوینە ونبوەکەی منیش، کوندە پەپوو گوتی: ئەمانە هەمووی شتی باش و بەسوودن بۆ ئێوە بەڵام کوانی من هیچم نەدۆزیتەوە، یەکسەر ورچەکە بەبیری داهات، کووپە هەنگوینەکەی کردەوەو هەموو هەنگوینەکەی ناوی خواردو گوتی:



تۆ لێرە بوەستە؛ چووە ناو دارستانەکە، پاش کەمێک گەڕایەوەو کووپەکەی پڕ کردبوو لە گێلاسی شین و سوورو سەوزو زەرد.



ورچەکە بەکوندە پەپووی گوت، تۆ ئەگەر کووپە زێڕەکەشت نەدیتبێتەوە.

لەکۆتایی کۆلکە زێڕینەکەدا، بەڵام ئەوەتا کۆلکە زێڕینەکەت وا لەناو ئەم کووپە زێڕەیە، کوندە پەپوو گوتی: بەڵێ ڕاست دەکەیت، بەدڵخۆشییەوە ڕوانییە گێلاسە ڕەنگاوڕەنگە جوانەکان، کەوا لەپێشی بوو کاتێ هاوڕێکان بە دڵخۆشییەوە بەرەو ماڵەوە دەچوونەوە کوندە پەپوو دەنگی هەڵبڕی و گوتی: ئاخۆ هیچ کاتێ باسی ئەوەم کردووە کە مامم سەبارەت بەهاوڕێی چاک و دڵسۆز چی گوتووە؟

ورچەکە گوتی: نەخێر، ئادەی چی گوتووە؟

کوندە پەپوو گوتی: هاوڕێی باش هەروەک زێڕ وایە.

بەم شێوەیە ورچەکەو هاوڕێکانی بۆیان دەرکەوت کە ئەوان لەهەموو شتێک باشترو بەنرخترن بۆ یەکتری.